www.kurdistannet.org
16-8-2006 20:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەبن بە مەلای خەتێکەی ئەوروپا وەڵامێک بۆ هەموو نەیارانی داوای لێبوردنی حکوومەتی عێراقی لە کورد ... عەلی مەحموود محەمەد

هەفتەی پێشوو لە بەسرەوە بۆ کوت و کەربەلا و... شایەدی بارەگا سوتاندنی ینک و تەنانەت ئاسیا سێلیش بووین لە لایەن لایەنگرانی حیزبی فەزیلەوە، ئەم هەموو هەڵچوونەش تەنها لە پای ئەوەوە هات ڕۆژنامەی ئیتحاد، زمانحاڵی ینک، ڕەخنەی لە ئایەتوڵا محەمەد یەعقوبی مەرجەعی ئەم دەستە شیعە گەرایە گرتبوو، ڕەخنەکەش نووسینێک بوو لەسەر پرسی کەرکووک، کێشەکە نە خوێنی لەسەر ڕشا بوو نە هانی زەبروزەنگی دابوو، تەنها ئەوەندە ڕەخنە لە ئایەتوڵای ناوبراو گیرابوو لە پای هەڵوێستەکانی لەسەر پرسی کەرکووک، ڕەخنەکانیش هیچی دوور نەبووە لە ڕاستییەوە، حیزبی فەزیڵە هێور نەبووەوە تاکو تاڵەبانی بە ناوی سەرۆکی ینک ەوە داوای لێبوردنی لێیان نەکرد (بەناوی ینک نەک سەرۆکی عێراقی).

ئیتر نازانم کوردستانی بوونی کەرکووک و داکۆکیکردن لەسەری، ئەوە هەڵدەگرێت کورد لە بەرامبەر بە هەڕەشەو گوڕەشەی دەستەیەکی توندڕەوی شۆفینی مەزهەبگەرایی داوای لێبوردن لە دوژمنانی داهاتووی خۆی بکات؟.
ماوەیەکە ڕەوەندی کوردی لە هاندەران، خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ سازدانی خۆپیشاندان لە ڕۆژی دادگاییکردنی سەدام حسێن لە بەرواری 21-8- 2008، لە زۆربەی وڵاتەکان هەموو تەبان لەسەر ئەوەی حکوومەتی عێراقی بە فەرمی دەبێت داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات لە بەرامبەر بەو تاوانە بێ شومارانەی بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجامی داوە، کەچی لە هەندێک وڵاتی وەک (....... ) هەندێک کەسایەتی ناو لایەنی سیاسی کوردی (چونکە هەندێک بەرپرسانی باڵاتری ناو ئەو لایەنانە لەگەڵ ئەو دروشمەن) کە بەرپرسی ئەو وڵات و شارانەن، ناڕازین بەوەی حکوومەتی عێراقی لە پای تاوانی ئەنفال داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات، تەنها بەو بەهانەیەی کورد ئێستا لە عێراق لە دەسەڵاتدا شەریکە بەشە، ئیتر چۆن دەبێت کورد ئەو کارە بکات، ئەمە بە نەنگی دەزانن، هەروەها دبێژن حکوومەتی ئێستای عێراقی ئەنفال و کیمیابارانی کوردیان نەکردووە، ئەوە سەدام و دارودەستەکەی بوون ئەو کارانەیان ئەنجامداوە.
ئیتر نازانم حکوومەتەکەی ئەردۆگان ئەرمەنی ژینۆسایدکردووە یان عوسمانلی، یاخود جۆرج بۆش و بلێر و.. قولە ڕەشەکانی ئەفریکایان بە کۆیلەکردووە، یاخود حکوومەتی ئێستای ئەڵمانیا جولەکەو و حکوومەتی ئێستای ژاپۆن چینی و کۆرییان ژینۆسایدکردووە؟، کەچی ئەو گەل و نەتەوانە هەموو داخوازی ئەوە بوونە یان هەن ئەو وڵاتانە دەبێت داوای لێبوردنیان لێبکات، ئەم داواکارییە بۆتە بەشێک لە کەرامەتی نەتەوەیی و بەهای نیشتمانی ئەو وڵات و نەتەوانە.
چینییەکان یەک فلس قەرەبویان لە ژاپۆنییەکان ناوێت، جگە لە داوای لێبوردنکردن نەبێت، کێشەی چین و ژاپۆن بەرامبەر بە سەردانی ساڵانەی سەرۆک وەزیران بۆ یاسۆکۆنی دەربڕی ئەو ڕاستییەیە.
ئەو کۆیلەداری و کۆمەڵکوژییانە بوونە بەبەشێک لە مێژووی ئەو دەوڵەتانە نەک حکوومەتەکانیان، بە گۆڕینی کەسێک و هاتنی یەکی دیکە مێژوەکانیان پاک نابێتەوە، خۆ ئەوان هەر یەکەی نەک سەرۆکێک بگرە بەشێکیان لە دوای ئەو مێژووەوە دەیانیان گۆڕیوە، چۆن حکوومەتە نوێکان پارێزەری جوگرافیاو ئابووری و پەیماننامەکانی ئەو دەوڵەتانەن، بە هەمان شێوە خاوەندی مێژوو و ڕابردووی ئەو وڵاتانەشن، بە جوانی و ناشرینییەکانەوە.
چۆن حزبی فەزیڵە نایەوێت تاڵەبانی وەک سەرۆکی عێراقی داوای لێبوردنی لی َبکات، بەڵکە وەک ئەمینداری گشتی ینک، ئێمەش نامانەوێت تاڵەبانی وەک سەرۆکی ینک داوای لێبوردنمان لێبکات، هەر قەبوڵیشمان نییە، بەڵکە داخوازین وەک سەرۆک کۆماری عێراق کە پلەکەی بەشێکە لە سەرۆکایەتی حکوومەتی عێراقی (هەرچەندە مەرج نییە ئەو بیکات) ، ئەو دەوڵەتەی لە ڕابردوو ئەنجامدەری ژینۆسایدکردنی کورد بووە، تاکو خۆی پاک نەکاتەوە لە تاوانەکان، لە بەفەرمی ناسینی ژینۆسایدکرنی کوردان و داوای لێبوردنکردن لێمان، هەر مایەی ترس و گومانە لە دوبارەبونەوەی تاوانکاری لە ئایندەدا.
ئەگەر ئێستا بە ئاگرو ئاسن کرابێتین بە عێراقی، ئەوا عێراقی بوونەکەمان کاتییە، ئێمە بەشێکی ڕەسەن نین لە پێکهاتەی ئەم وڵاتە، لە هەر دەرفەتێکدا بۆمان ڕێک بکەوێت بای بای لە عێراقی بوون دەکرێت، بۆیە پەیوەندی کورد- عێراق هەڵەیە وەک یەک دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، تاوان و کێشەکانیش هەموو بکردرێتە سەر ملە ئەستوورەکەی سەدام، کەواتە عێراق تاکو هەیە بەرپرسە لە ئەنفال و ژینۆسایدی کورد، ئەو تاوانانە بوونە بە بەشێک لە مێژووەکەی، ئەم وڵاتە داگیرکەر و ژینۆسایدکەری کوردە، پێویستە خۆی پاک بکاتەوە لەو ڕابردووە ڕەشە، نەنگیشە ئێمە بەو مێژووە ڕەشە ڕازی بین.

**دروشمی داوای لێبوردن کردن لە کورد لە لایەن حکوومەتی عێراقییەوە، ئەگەر ئێستا زۆر کەس و گروپ و لایەن پەسەندی نەکەن و لەگەڵی نەبن، ئەوا بە مسۆگەری لە داهاتووی نزیکدا دروشمی ناوەندی هەموو گەلە، ئەو کاتەی گەل بە دوای کەرامەتی نەتەوەیی دا دەگەڕێت، ئەوانەشی ئەمڕۆ دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەرزکردنەوەو تەرحکردنی، ئەوا لە مێژوودا جگە لە جێگەکەی مەلای خەتێ هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.**